# جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکاندا شیمانەی کاریگەری نەرێنی لێدەکرێ



تا ئێستا هاوڕایی لەسەر جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکاندا نیە، چونکە هەندێک لەو باوەڕەدان کە دەبێ تەمەنی مێرد لە تەمەنی ژنەکەی زیاتر بێت. هەندێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ ژن و مێرد هەردوکیان هاوتەمەن بن و هیچیان لە هیچیان گەورەتر نەبن، کەچی هەندێکی دیکە ئەگەر ژمارەشیان کەمە، بەڵام پێیانوایە کە ئەگەر ژنەکە تەمەنی گەورەتر بێ، باشتر لە ڕەوشی ماڵداری و ژیانی هاوسەریتی دەزانێ، بۆیە پێشنیار دەکەن کە پیاوان ئەو ژنانە بکەن بە هاوسەری خۆیان کە لە خۆیان بەتەمەترن.

هەموو لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە ئەو مێردانەی کە ژنی لەخۆیان بچووکتریان هێناوە، ئاسودەو بەتەمەنتر دەبن، بەهەمان شێوەش ژنەکانیشیان باشترو ئارامتر دەبن و زۆرتر لەژیاندا دەمێننەوە، واتە تەمەنیان درێژتر دەبێت بەبەراورد بە هاوتەمەنێکی خۆی کە شووی بە پیاوێکی هاوتەمەن یان لەخۆی بچووکتری کردبێ. کەچی لەو دواییانەدا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت وای پێشانداوە کە ئەگەر هاوسەرەکان هاوتەمەن بن هەم تەمەنیان درێژتر دەبێ، هەمیش ئاسودەو بەختەوەرتر دەژین!

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لە وڵاتی ئەڵمانیادا ئەنجام دراوە، دەڵێ: مردنی زووەخت لەنێو ژناندا بەرز دەبێتەوە، ئەگەر ژنان شوو بەپیاوانی گەنجتر یان بەتەمەنتر لەخۆیان بکەن. بەڵام بۆ پیاوان دەرئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێ. کەواتە بەو پێیەبێ، دەبێ ژنان شوو بە پیاوی هاوتەمەنی خۆیان بکەن!

هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە: 'تا چەند جیاوازی زۆرتر لەنێوان تەمەنی پیاوان و ژناندا هەبێت، ئەوەندە زووتر ژنان دووچاری مەرگ دەبنەوە، هەربۆیە گرنگە کە ژنان بەدوای هاوسەرێکدا بگەڕێن، کە هاوتەمەنی خۆیان بن؛ نە لە خۆیان گەورەتر و نە لە خۆشیان بچووکتر بێت'

لێکۆڵینەوەکە دەڵێ: 'جاران دەگوترا ئەگەر تەمەنی مێرد لە تەمەنی ژن گەورەتر بێ، سوودی تەندروستیان زۆرتر دەبێ، بەڵام دوای پێداچوونەوە رەچاوکردنی ژیانی 2 ملیۆن ژنی دانمارکی کە زۆر لە مێردەکانیان بچووکترن، ئاکامەکە راست دەرنەچووە، ئەو ژمارەیەش زۆرە، بۆیە دەبێ هەڵوێستە لەسەر رای پێشوتر بکرێ و لێکدانەوەو لێوردبوونەوەی زیاترو زۆرتری بۆ بکرێ.

لەدێر زەمانەوە تا ئێستا جیاوازی تەمەن نەبۆتە رێگر لەنێوان پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریتی، زۆرێک لە دەروونناس و کۆمەڵناسەکان پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریتیان بۆ خواستی مرۆڤەکان گێڕاوەتەوەو بە تایبەتمەندێتیان داناوە، هەربۆیەش پێوەرێک بۆ جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکان دانەنراوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە بەباشمان زانی رای هەندێک ژن و مێرد وەربگرین، بەتایبەتیش ئەوانەی کە جیاوازی تەمەنیان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا هەیە. ئێمە رووی پرسیارمان لە حاجی عەبدوڵڵا کرد، کە هاوسەرەکەی



بیست و دوو ساڵ لەخۆی بچووکترە، ئەو گوتی: 'راستیەکەی حەزم نەدەکرد کەسێک بکەم بە هاوسەری خۆم کە زۆر لە خۆم بچووکتر بەڵام رۆژگار وای هێنا، خوا ژنێکی کرد بە هاوسەرم کە بیست و دوو ساڵ لەخۆم گچکەترە. سەرەتا هەستم دەکرد زۆر شەرمم

لێدەکات، بەڵام دوایی وردە وردە ئولفەتمان بەیەکەوە گرت، ژیانێکی زۆر ئاسودەمان بۆ خۆمان دروست کرد، باوەڕتان هەبێ زیاتر لە 40ساڵە پێکەوە دەژین، تەنیا یەکجاریش شەڕمان نەبووە، یەکجاریش دڵی لێم نەشکاوەو نەتۆراوە. شەش منداڵمان گەورەکرد، جاران خزمەکانمان، ئێستاش منداڵەکان حەسودی بە پەیوەندی من و هاوسەرەکەم دەبەن. من وا هەست دەکەم کە خوا ئاوڕی لەمن داوەتەوەو ئەو ژنە باشەی بە نسیب من کردوە'

ژنێک کە 9 ساڵ لە مێردەکەی بچووکتر بووەو ئێستا جیابۆتەوەو بە تەنیا دەژی، لەو بارەیەوە گوتی: 'نەمدەزانی جیاوازی تەمەن ئەوەندە سەختە، من کچی پیاوێکی دەوڵەمەند بووم، زۆر کەس دەهاتنە خوازبێنیم، بەڵام دیاربوو بەختم هەڵنەستابوو، بۆیە سەرئەنجام شووم بە کەسێک کرد کە نۆ ساڵ لە خۆم بچووکتر بوو. سەرەتا زۆر لەگەڵم دەسازا، منی خۆشدەویست و گوێی لە قسەی ئەموئەو رانەدەگرت، بەڵام دایکی و خوشکەکانی هەناویان کون کردبووم، هەردەیان گوت: 'کوڕەکەمان قوڕی بەسەری خۆی کرد، ژنێکی هێناوە لەتەمەنی دایکی دایە!!' هەرچەندە لە روخساردا بە ئاسانی هەست بە جیاوازی تەمەنی نێوان من و مێردەکەم نەدەکرا. رۆژگار هاتن و چوون، قسەی خەڵک کاری خۆی لە پیاوەکەم کرد، هێدی هێدی ژیانمان گۆڕاو بوو بەدۆزەخ. دوو منداڵیشمان هەبوو، ناچار لەیەکتر جیابووینەوە. ئەو ژنی هێناوەتەوە، بەڵام من دانیشتوم و منداڵەکان گەورە دەکەم و بیریش لە شووکردن ناکەمەوە'

ئەو ژنە ئامۆژگاری کچان و ژنان دەکات کە هەرگیز شوو بە پیاوی لەخۆیان بچووکتر نەکەن، چونکە باوەشی گەرمی خێزانی دەبێتە دۆزەخ، ئیسراحەت لە ژیانی خۆیان ناکەن، هەمووکات تانەو توانجیان لێدەدرێ. کەچی ئەو ژنە لای ئاساییە کە ئەگەر مێردەکان لە ژنەکانیان بەتەمەنتر بن. لەو بارەیەوە دەیگوت: 'پیاو چەندە بە تەمەنتر بێ، ئەوەندە زۆرتر نرخی ژن و منداڵی خۆی دەزانێ و رێزیان دەگرێ و باشتریش لە ژیان تێدەگات، دەزانێ چۆن دڵی ژن و منداڵی خۆی رابگرێ'

ژنێک کە شووی بە هاوتەنێکی خۆی کردوە، سەبارەت بە جیاوازی تەمەن گوتی: 'من بۆ خۆم بەباشتری دەزانم کە جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکاندا زۆر نەبێ، چونکە هاوتەمەنەکان باشتر لەیەکتر تێدەگەن. هەست و خواستیان لە یەکترەوە نزیکە. بۆ نموونە من و هاوسەرەکەم هاوپۆل و هاوتەمەن بووین، هەستمان کرد کە شتی هاوبەشمان زۆرە بۆیە بڕیاری هاوسەریتیمان دا، سوپاس بۆ خوا ژیانمان زۆر خۆشەو هیچ کێشەو گرفتمان نیە.

هەر سەبارەت بە جیاوازی تەمەنی هاوسەرەکان، پرسمان بە مامۆستاییکی ئاینی کرد، ئەویش گوتی: ' لەدیندا هیچ سنوورێک بۆ جیاوازی تەمەن دانەندراوە، بەڵام پێمباشە کە پیاوەکە تۆزێک لە ژنەکە گەورەتر بێ، چونکە بەهۆی ئەوەی کە ژن منداڵی دەبێ، زووتر پیر دەبێ، لە ڕووی زانستیشەوە لە تەمەنێکدا پشت لە کرداری جوت بوون دەکەن کەچی پیاو لەو تەمەنەشدا هەر پێویستی پێیەتی. هەر ئەوەش وایکردوە کە هەندێک لە پیاوانی بەتەمەن کە ژنەکانیان دەمرن دەچن ژنێکی دیکە دەهێننەوە'

ئێمە شرۆڤەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ناکەین، حەز دەکەین کە شارەزاو پسپۆڕان لێکدانەوەو شیکردنەوەی باشتری لەسەر بکەن و بگەنە ئاکامێک کە هەردوو رەگەزی نێرو مێ رازی بکەن و هەنگاوێکیش بێت بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی.



**ئامادەکردنی: سازان و شازین**

# سوکایەتیکردن بە ژن تەرازوی ژیان لەنگ دەکات

ستەم و هەڕەشە و سووکایەتیکردن بە ژن تەنیا لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا بوونی نیە،بەڵکو، لە کۆمەڵی پێشکەوتووی وڵاتانی جیهانی گەشەکردووشدا زۆر با ئاشکرا هەستی پێدەکرێ. لە شێواز و بیچمی جیاوازدا دیاردەیەکی بەرچاوە. رۆژانە بەشێک لە هەواڵ و ریپۆرتاژی بڵاوکراوەکان دادەپۆشێ.

دەبێ ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کە کۆمەڵی کوردەواریش بەشێکی چووکەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێ، بەڵام لەوانەیە توندوتیژی و ستەمکردن بەرانبەر بە کچان و ژنان لەنێو کۆمەڵی کوردەواری و وڵاتانی دواکەوتوودا بە بەراورد بە کۆمەڵی وڵاتانی پێشکەوتوودا زۆرتر و ترسناک تربێ.

مخابن ئەگەر ئێستا توندوتیژی و نابەرابەری دژ بە ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا درێژەی هەیە، دەکرێ بڵێین لە کۆمەڵەکانی دیکەشدا بووە و هەیە، رەنگە تا چەند ساڵێکی دیکەش هەر بمێنێ، بەڵام باشی لەوەدایە کە تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئێستا باشتر هەست بە ئێش و ئازارەکانی ژنان دەکەن، ئەوەش وایکردوە کە رێی خوێندن و دامەزراندن و سەفەرکردنیان بۆ واڵاتر کراوە. وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، یان کاریگەری ئایینەکانیان بەسەرەوە دیارە، بەڵام دیسانیشەوە کاروانی بەرەو یەکسانیکردنی ژن و پیاو لە کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەڕوات. وەک چاودێران دەڵێن:' گەڕانەوە بۆ دواوە پەسند ناکات، رۆژ دوای رۆژ لە ئامانجەکانی خۆی نزیکتر دەبێتەوە'

سوکایەتیکردن بە ژن سەرچاوەی لە کولتورو فەرهەنگ و بیری ئایینەکانەوە گرتوە، هەربۆیەش زۆری ویستوە تا بەم قۆناغەی ئێستای گەیشتووە. راستیەکەشی کۆمەڵی کوردستان چونکە خۆی لەخۆیدا ژێردەستەو داگیرکراوە، ستەم و نابەرابەری بەرانبەر تێکڕای مرۆڤەکانی پێڕۆکراوە. نەتەوەکانی سەردەست تا ئەو شوێنەی کە بۆیان کرابێ، مرۆڤی کوردیان چەوساندۆتەوە، ستەمیان لێکردوە، ماف و ئازادییان لەژێر پێناوە، ئیدی پیاوانی کورد لە گێژاوێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ژیاون، ئەوەش وایکردوە کە هێندە نەپرژێتە سەر ئاوڕدانەوە لە ژن، یان بواری ئاوڕدانەوەی لە کچ و ژن و خوشک و دایکی بەرتەسکتر بووە لە چاو پیاوانی نەتەوە سەردەستەکان.

ئەگەر بە ویژدانەوە تۆزێک بۆ دواوە بگەڕێنەوەو چاوێک بە رۆڵی ژنی کورد لە مێژوودا و بەراوردێک لە نێوان ژنی کورد و مێینەی نەتەوە غەیرە کورددا بکەین، دەبینین کە ژنی کورد رۆڵی زۆر گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی و سیاسی دا گێڕاوە. ژنی کورد لە هەموو کاتێکدا لە بەڕێوەبردنی ماڵ و کاروباری رۆژانەدا هاوشانی پیاو بووە. گەورەترین پشتیوانی لە پیاو کردوە. هەر لە بارهێنانی منداڵ بگرە تا دەگاتە بەشداریکردن لە سەنگەری خەباتی رزگاریخوازی و ئامادوبوون بۆ قوربانیدان. هەروەها ژنی کورد لە زانست و زانیاریش بەجێ نەماوە، بەڵام بۆچی هێشتا ستەم و نابەرابەری بەرانبەر بە ژنان درێژەی هەیە؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە فرە رەهەندە. بۆ لۆژیکی باوکسالاری، کولتوری کۆنەپارێزی وتایبەتمەندێتی رەوشی سیاسی نیشتمان دەگەڕێتەوە. ئەی باشە چی بکرێ تا ئەو ستەم و نایەکسانیە کۆتایی پێبهێنرێ، هەردوو رەگەزی نێرو مێ لە کوردستان، هاوشان و هاودەنگ و هاوماف و هاوخەم درێژە بە ژیان بدەن؟!

وێڕای ئەوەی کە پیاوی کورد بە چەندین شێوە ستەم و نابەرابەری لە ژن کردوەو هەوڵی نەداوە رێی یەکسانی بۆ بکاتەوە، بەڵام دیسانیشەوە ژن خۆی بۆخۆی ستەم و نابەرانی لە هاوڕەگەزانی خۆی کردوە. نموونەی زیندوو لە ئێستاو لە رابردووی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا هەن کاتێک ژنان بۆ خۆیان ستەم لە ژنانی دیکە دەکەن، جا ئەو ژنە، هەوێ، بوک، دش، هەوگیان یان خەسوو بووبێت.

زۆر جاران ژنان بۆ خۆیان جوانی دەکەن بە پێوەرو بەوهۆیەوە سوکایەتی بە کەسانی دیکەوە دەکەن. زۆربەی جارانیش ژنانی خاوەن بڕوانامە بە چاوی سوک لە ژنانی نەخوێندەوارو لادێی دەڕوانێ. تەنانەت هەندێک لە ژنان ماڵ و سامانی دونیا وەک چەکێکی بەهێز دژ بە ژنانی دیکە بەکار دەهێنن، بەهۆی سامان و زێڕەکانیانەوە لاف لەسەردیتران لێدەدەن، هەندێک لە ژنان ئێستاش بەهۆی سامان، زێڕ، ماشێن، شەهادەوە ناز بەسەر کەسانی دیکەوە دەکەن و خۆیان بەو شتانە هەڵدەکێشن، لە کاتێکدا هیچ یەک لەو شتانە بەهاو نرخی مرۆڤ (ژن) دیاری ناکات، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە بەهاو نرخ و مافدا یەکسانن. چۆن دەبێ ژن و پیاو یەکسان بن، بەهەمان شێوەش دەبێ یەکسانی و بەرابەری لەنێو ژنانیشدا بچەسپێ و کەس خۆی بە گەورەترو بالاتر نەزانێت.

کەواتە خەبات بۆ یەکسانیکردنی نێوان ژن و پیاو وێڕای ئەوەی کە خەباتێکی ئینسانی، میللی و سەردەمانەیە، بەهەمان شێوەش بڕواهێنانی ژنان بەوەی کە هەموو ژنەکان لە ئەرک و مافدا یەکسانن و شتە لاوەکیەکان نەکرێن بە چەکێک بۆ ستەمکردن لە کەسانی دیکە، خەباتێکی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەیە. بۆیە بۆ لابردن و هەڵگرتنی ستەم لەسەر ژنان، پێویستمان بە گۆڕینی لۆژیک و لێکدانەوەی هەردوو لایەنی ژن و پیاو هەیە. لەسەرووی هەمووشیانەوە لێکدانەوەو بەرنامەرێژی دەستەڵات بۆ بنبڕکردنی ستەم و نابەرابەری وەک کلیلی کێشەکان پێوانە دەکرێ، بۆ نموونە ئێستا ئەگەر پیاوێکی ژندار بچێ ژنێکی دیکە بخوازێ، یاسا تەنیا سزای پیاوەکە دەدات، بەڵام بۆ نەهێشتنی ستەم، واپێویستە ئەو ژنەش سزا بدرێ کە سەر بە هەوێ شوو کردووە یان شوو دەکات.

لە راستیدا سوکایەتیکردن و بێ ماف هێشتنەوەی ژنان تای تەرازوی ژیانی لەنگ کردوە، دەبێ کار بۆ راستکردنەوەی بکرێ.

**هێمن سەردار**